# تاکتیکی ئەمریکا دژی ئێران



کرمانج یونس

تاکتیك لە نێوان پەیوەندی وڵاتان، تەنها لە بواری سەربازی و دیپلۆماسی بەکارنایەت، بەڵکو لە بواری سیاسەت و لێدان و هیرشبردنە سەر وڵاتانی تریش بەکاردێت.

کاتێك ئەمریکا هێرشی کردە سەر ئێراق کە بە شەڕی ئازادیی عێراق ناونرا و سەدام لەسەر حوکم لابرا، هیچ جۆرە تاکتیکێکی سیاسیی بەکار نەهێنرا، چونکی زۆربەی لایەنە نێودەوڵەتییەکان و ئاژانسەکانی راگەیاندن، تەنانەت خەلکی ئاساییش پێشوەختە دەیانزانی کەوا لە کام کات و لەکام رۆژ ئەمەریکا هێرش دەکات، واتە کاتژمێری سفر دیار بوو کە هێزەکانی ئەمریکا لەسەر سنووری کوێت دێنە ناو عێراق بە نموونە رێکخراوەکانی (UN) زووتر و خێراتر لە عێراق کشانەوە، ئەوەش لەسەرێکی تر خۆی لە خۆیدا بەڵگە بوو کە عێراق چەکی ئەتۆمی و کۆکوژی نەبوو، چونکە گەر وابا عێراق خۆی بۆ ئامادە دەکرد و بەکاری دەهێنا دژی ئەمریکا یاخود ئەمریکا نەیدەتوانی ئاوا بە ئاسانی هێرش بکاتە سەر عێراق یاخود تاکتیکی بەکاردەهێنا بۆ ئەو هێرشەی سەر عێراق.

من لێرە مەبەستم ئەوەیە ئەو حاڵەتە وەك بەراورد بهێنمەوە بۆ هێرشی چاوەڕاونکراوی ئەمریکا بۆ ئێران، کە ئەمریکا ئێستا بە پێچەوانەی حاڵەتی عێراق، بۆ ئێران تاکتیکی زۆر بەکادێنێت بەتایبەتی لە رووی سیاسییەوە چونکە ئەمریکا دڵنیایە کەوا ئێران چەکی کۆکوژی هەیە، بۆیە ئەمریکا نایەوێت ئەو هێرشە بکاتە سەر ئێران وەك ئەو شێوەی عێراق کە کاتی لێدان و چۆنیەتییەکەی دیار بێت، لەبەر ئەوەی ئێران پێشوەختە خۆی بۆ ئامادە دەکات و ئەو چەکانە بەکاردێنێت، ئەوەش بەڵگەیە کەوا ئێران چەکی هەیە و لەلایەکی تر بەڵگەیە کەوا ئەمریکا هێرش دەکاتە سەر ئێران بەلاَم لە ناکاو و کتوپڕ، باشترین تاکتیکیش کە ئەمریکا ئێستا بەکاریدێنێت بریتییە لە دوورخستنەوەی مەترسی هێرشکردن، بەنموونە کە ئەمریکا وا بە وڵاتان یان بە ئێران پیشان بدات کە هێرش ناکاتە سەر ئێران و ئێران هێور دەکاتەوە لەسەر ئەو هێرشە بۆ ئەوەی بوار بڕەخسێت بۆ هێرشێکی لە ناکاو بۆ ئەوەی ئێران بواری بەکارهێنانی ئەو چەکانەی نەبێت، هەر لەبەرئەوەش ئەمریکا ماوەیەکە لەسەر زاری وەزیری بەرگری و لایەنە سەربازەکانی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەوا ئێستا ئەمریکا ئامادە نییە هێرشی سەربازی بکات، یان لەسەر ئاستی دیپلۆماسی ئەمریکا دەیەوێت وتووێژ بکات لەگەڵ وڵاتانی زلهێز بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن، ئەوەش وەك جۆریك لە خەریککردن وەك مەسەلەی ئابلوقەدان و ئەو بابەتانە. هەر بۆیەش ئەو راپۆرتەی دوایی(CIA) مەترسی چەکی ئێرانی کەمکردەوە و حکومەتی ئێرانیش ئەو راپۆرتە دڵخوش بوو تا رادەیەك، بەلاَم ئەو تاکتیکەی ئەمریکا مەبەستی ئەوە بوو لە رێگای ئەو راپۆرتە زەمینە خۆش بکات بۆ ئەوەی دەرفەت وەربگرێت بۆ هێرشی لەناکاو.


rawezhgovar@yahoo.com